# ئاوەکە لەسەرچاوەکەیەوە لێڵە!

## دەربارەی کۆچی بە لێشاوی لاوان

### بەشدار عەلی

کۆچی لاوانی کوردستان لەساتەوەختی ئاودیوکردنی شۆفەڵ و سەیارەو ئامێرو مەکینەکان, لەگەڵ فەرهود و تالانیەکەی پاش بەهاری 1991 دەستی پێکرد,پێش ئەم بەروارە لاوان و خەڵك بەگشتی دەچوونە دەرەوە, بەلام ناتواندرێ پێی بگوترێت (کۆچ) بەڵکو سەفەر یان سەردان یان هەناوێکی تر. بەس کاتێك کەبەرەی کوردستانی هاتە ناوشارەکان کاروکردەوەو هەڵسوکەوتی حزبەکانی نێو بەرە لەلایەن لاوان و خەڵکی کوردستانەوە هەڵسەنگێندرا ئیتر ئومێد وچاوەڕوانیەکیان لێ ئەکراو کۆچ دەستی پێکرد, ئەم هەڵسەنگاندنەی خەڵکیش راست و رەوان دەرچوو چونکە بینیمان لاوان کرانە سوتەمەنی جەنگە بێماناکانیان, پرس و رووت کران, ریسواو بێ اعتبار کران, سەرکەوت و کۆیلەکران.... ئیتر لێشاوی کۆچی خەڵك بەگشتی و لاوان بەتایبەت رووەو وڵاتانی رۆژئاواو تەنانەت وڵاتانی دەوروبەر رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندا بووە, بەلام لەکاتی رووخانی رژێمی بەعس و دوایی ئەم رووخانە تا رادەیەك دەتوانین بڵێین خاوبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیووە, لەماوەی یەك ساڵی رابردووەوە ئەم خاوبوونەوەیە نەماو لاوان دەستە دەستە کوردستان جێ دەهێڵن و تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانی لە دەست دانیشیان بێت بڕیاریان داوە ئەگەڕێتەوە !

ئیتر (حکومەت و پەرلەمانی خۆماڵی) و فیدرالی و ئازادی و.....هتد, نەیتوانیوەو ناتوانێ یەك دانەش لەم گونجانە بگەڕێنێتەوەو بڕوای لا دروست بکات چونکە ئەم گەنجە لەهەناوی ئەم دەسەلاتە گەورەو لە دایك بوو, فێربووکە وەعدو بەڵێن و پەیمان چاوەڕوانی و تەمەن کوشتنە. تەنانەت شێوازی توندوتۆقێنەرو نەدانی جەواز سەفەر بە لاوان و توندکردنەوەی سنورەکانیش ناتوانێ بەربەم لێشاوی کۆچە بگرێت. لاوان بۆیە کەمێك لە کۆچ کردن ساردبوونەوە, چونکە چاوەڕوان بوون بەرووخانی رژێمی بەعس سەرگەردانی و پلەدوویی و ژێر دەستەیی و بێ چارەنووسی کۆتایی پێبێت و وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن ماف و ئازادی وکیان ممارەسەی حەزو خۆزگەو هیواکانی خۆیان بکەن و وەزعیەت و گوزەرانیان کەمێك باش بێت و ژیانی مەمرەو مەژی و کاری تاقەت پروکێن و سەرکوت وئازاردان........., نەمێنێت.بەلام دوای رووخانی رژێم سەرباری مانەوەی هەموو دەردو موسیبەت و وێرانی و کوێرەوەریەکان تیرۆرو کوشتنی دەستەجەمعی و تەقاندنەوە بووە دیاردەیەکی تری دەسەلاتی کوردی بۆ خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی دەست راکێشانی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو گرێ دانەوەی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە بەغدا. جگە لەمەش هەلوسانی گیرفانی بەرپرسەکان بەهۆی دزی و راووڕووتەوە, نرخی هەموو شتەکان چەند بەرامبەر بۆ ئەوەو دەسکەوتی مانگانەی هەرە زۆری خەڵکیش پارەیەکی رەمزیە کە تەنها بەشی هەفتەیەکی ناکات, ئیتر گەندەڵی تارادەیەك رۆیشتووە گەیشتۆتە رادەی تاڵانی لاوانی کوردستان لەنێو سایکۆلۆژیەتی بێزاری دەروونی و رۆحی و فیکری و جەستەی راگیراون, یاسای سەردەمی ئەشکەوت لەم سەردەمەی ئەنتەرنێت وڕۆبۆت کاری پێدەکرێت, رێساو داب و نەریتێکی تاسەر ئێسقان دواکەوتوو رۆژانە بە هەزارەها شێوەو شێواز بەسەر سەری خەڵکەوە تۆخی دەکەنەوە, کە لە ئەنجامی ئەمانەدا هەرچوار پەلی گەنجی گرتووەو بەستووە کە نەتوانێ ممارەسەی سەرەتاترین و سەختیرین حەزو خۆزگەو هیواکانی خۆی بکات, دەست بردن بۆ کارە تایبەتیەکانی بە پێی یاساو رێساکان بە مەرگ کۆتایی دێت. گەنجێك دوای چەندین ساڵ نەبوونی و بێ پارەیی و بێ جل وبەرگی و ئێش و ئازاری خوێندن,کە خوێندن تەواودەکات ئەگەر بەخت یاوەری بێت و دابمەزرێت, مووچەی ساڵێکی ناتوانێ دەستە جلکێك بە ئارەزووی خۆی بکرێت بە مەرجێك خێزاندار نەبێت, ئەمە جگە لەوەی کە نابێت بە هیچ شێوەیەك بیر لە ژیانی هاوسەری و یان هەر پرۆژەیەکی تر بکاتەوە, چونکە ریسوایی و شەرمەزاری لە دوایەو تاقە ژوورێکی دەست ناکەوێت, کەچی لەملاوە بەرپرسەکان رۆژ لەنێو ڤێلاکانیان دەکەنەوە. ئیتر ئێمەی گەنج نازانین دڵمان بەچی خۆش بکەینڤ بە چارەنوسس وئایندەیەکی لێڵ و تاریك لەژێر دەسەلاتی عەشایەری و ئیسلامی کە دڵنیاین رۆژێك دادێ لە بەعس خراپترمان بەسەر دێنێ, یان بەو پارك وباخچانەی کەهەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوت کۆمەڵێك چاودێرو کامێرای چاودێری بەخێرهاتنت دەکەن, یان بەم باس و دادگاییانەی بەجێبەجێکردنیان رۆژانە جەستەی سەدان کورو کچ لەشارو شارۆچکەو گوندەکان هەنجن هەنجن دەکرێت,یان بەسەیرکردنی مۆنیکاو ڤێلاکانی بەرپرسە مێژووە رەشەکان, یاخود بەئاگرو گوللە و ژوورە تاریکەکانی زیندان کە چاوەڕێی هەر کەسێکمان

دەكات كە بڵێین "نا" بۆ هەموو ئەو شتانەی سەرەوە. لەكۆتاییدا بۆ هیچ كەسێك خۆشی نیە دوور لە خانەوادەو كەس وكاری و هاورێكانی بژیت ئەگەر دەروازەیەكی ژیان كردنشك بدرێت بەڵام بەداخەوە تروسكاییەكی رووناكیان نەهێشتۆتەوە.

Bashdar_net@yahoo.com